National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێک لەبارەی:

## گەشتوگوزار لە گەرمیان، کەموکورتیی و ئاستەنگەکان

## هۆکاری لاوازی کەرتی گەشتوگوزار لە گەرمیان و هەنگاوەکانی کاراکردنی

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/11/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەرە |
|---|---|
| بەشی یەکەم:   راپۆرت | |
| پێشەکی | 3 |
| هەڵکەوتەی ناوچەی گەرمیان لە روی گەشتیاریەوە | 4 |
| ئەو شوێنە گەشتیارییانەی بە سروشتی هەڵکەوتون لە گەرمیان | 4 |
| روبەرو شوێنی زەویە گەشتیارییەکان لە گەرمیان | 5 |
| لایەنە ئیدارییەکانی گەرمیان: شوێن هەیە و وەبەرهێنەر نیە | 5 |
| ئەو پرۆژە گەشتیارییانەی لە سنوری گەرمیان ئەنجامدراون | 7 |
| بۆچی وەبەرهێنەران لە گەرمیان پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام نادەن؟ | 9 |
| ئەو پرۆژانەی بەهۆی گرفت و رۆتیناتەوە لە گەرمیان کشێنراونەتەوە | 13 |
| وەبەرهێنەرێک: بۆ وەرگرتنی پرۆژە دەبێت کەسێکت لە پشت بێت | 14 |
| وەبەرهێنێک باس لەو پرۆژانە دەکات کە پێشکەشی کردوە و قبوڵ نەکراوە | 15 |
| قسەی لیژنەی گەشتوگوزار لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بەدوادچونەکانیان بۆ گرفتەکانی گەشتوگوزار | 16 |
| ئاماری پرۆژە پێشکەشکراوەکان و ئەو زەویانەی موزایەدەی بۆ کراوە | 16 |
| لایەنە پەیوەندیدارەکان چیانکردوە بۆ راکێشانی سەرەنجی وەبەرهێنەران | 17 |
| شوێنەوارەکانی گەرمیان نەبون بەشوێنی گەشتیاری | 19 |
| ناوچە گەشتیاریەکان پێویستیان بە رێگاوبانە | 19 |
| ئامارەکانی هاتنی گەشتیار بۆ گەرمیان | 20 |
| بودجەی گەشتوگوزار وچۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکەی | 22 |

| | |
|---|---|
| یاساکانی تایبەت بە وەرگرتنی زەوی گەشتوگوزار | 22 |
| ڕێگاکانی بوژانەوەی کەرتی گەشتوگوزار: هەموارکردنەوەی یاسا | 24 |
| بەشی دوەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان | |
| دەرەنجام و ڕاسپاردە | 25 |
| بەشی سێیەم: ناساندن | |
| ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان | 27 |
| ناساندنی ڕادیۆی دەنگ | 28 |
| ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED | 29 |
| ناساندنی ناوچەی گەرمیان | 29 |

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## 1. پێشەکی:

رادیۆی دەنگ ئەگەرچی دەزگایەکی میدیایی کۆمەڵگەییە لەگەرمیان، بەڵام چەند ساڵێکە هەندێک هەوڵ و دەستپێشخەریی هەیە لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی و برەودان بە بواری چاودێریکردنی حکومەت، لەمچوارچێوەیەشدا (یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ی دروستکردوە.

یەکەکە لە دوساڵی رابردوی بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی، پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردە و تەندروستی ئەنجامدا و لەو روەوە 44 راپۆرتی ئامادە و بڵاوکردەوە.

لە پرۆژەی نوێیدا هەر بە پاڵپشتی رێکخراوی (NED) ، یەکەکە هەر مانگە و راپۆرتێکی بەدواداچونی ورد لەبارەی کەرتە جیاوازەکانی حکومەت کە پەیوەندیدارن بە هاوڵاتیانەوە، ئامادە دەکات و ئاراستەی خودی حکومەت و رایگشتی دەکات، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کێشە و کەموکورتیی و بۆشاییەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەر و پڕکردنەوەیان.

هیوادارین هەنگاو و پرۆژەکەمان سودی هەبێت لە خستنەڕوی واقیعی کەرتە جیاوازەکان و بشبێتە بناغەیەک بەمەبەستی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ برەودان بەو کەرت و بوارانە و نەهێشتن و کەمکردنەوەی کەموکورتیەکان.

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، راپۆرتی ژمارە یەکی ئەم وەرزەی تایبەت کردوە بە کەرتی گەشتوگوزار لە سنوری گەرمیان بۆ ئەم مەبەستەش لە راپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەر هۆکاری کەمی پرۆژە گەشتیارییەکان بەشێوەیەک وەبەرهێنەران رای خۆیان خستۆتەڕو لە بارەی ئەوەی بۆچی پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام نادەن لە سنورەکە، لەمپەرەکانی بەردەمیان چیە؟ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە گەشتوگوزار قسەیان چیە هەیە لە هەمبەر ئاسانکاریەکانیان بۆ وەبەرهێنان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە.

لەو سۆنگەیەوە پرۆژەی گەشتوگوزاریی خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی ناوەند گەلێک کە بەکاربهێنرێن وەکو شوێنی گەشتیاریی و پشودان، ئیتر چ شوێنی نوێ و تازە دروستکراو بن، چ شوێنی شوێنەواریی بن و بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێن، دەشپرسین لەم روەوە چی کراوە و دەکرێت چی بکرێت؟

## 2. هەڵکەوتەی ناوچەی گەرمیان لە روی گەشتیاریەوە

لەسەر هەڵکەوتەی ناوچەکە کەدەست بدات بۆ گەشتوگوزار رای زۆرینە ئەوەیە کە خزمەتگوزاری و پرۆژەکان وا دەکات ناوچەکە ببێتە گەشتیاری.

سەرۆکی شارەوانی کفری، لەبارەی هەڵکەوتەی ناوچەکەیان بەوەی کە دەتوانرێت بێتە مایەی سەرنج راکێشانی گەشتیار وتی: "قەزاکە بەشێوەیەکی گشتی لەبارە بۆ پرۆژەی گەشتیاری."

بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، رامیار عەبدولرەحمان، هەمان رای هەیە لەسەر ناوچەکەیان، بەوەی سەرقەڵا دەست دەدات بۆ گەشتوگوزار، باسی لەوەشکرد چەند ناوچەیەکیان هەیە کە ئاوی کانی لێیە ئەگەر خزمەتگوزاری پێبگەیەنرێت دەبێتە جێگەی سەرنجی گەشتیار.

بەم پێیەش بێت هەڵکەوتەی گەرمیان لە روی ئابوریشەوە هەڵسەنگاندنی باشی بۆدەکرێت بەهۆی بونی نەوت و مەرزی نێودەوڵەتی و هاوسنور بون لەگەڵ ئێران و ناوەڕاست و خواروی عێراق، کەواتە بۆچی ئەم لایەنەوە نەبونەتە جێگەی سەرنج بۆ بواری گەشتیاری؟

## 3. ئەو شوێنە گەشتیارییانەی بە سروشتی هەڵکەوتون لە گەرمیان

شوێنی گەشتیاریی سروشتی لەو فاکتەرانەن کە بە ئاسانی دەتوانرێت سەرنجی گەشتیار رابکێشن و کاری وەبەرهێنیش ئاسانتر دەکەن، لەگەرمیان چەندین شوێنی گەشتیاریی هەیە کە هەڵکەوتەی سروشت دیمەنێکی دڵرفێن و سەرنج راکێشی پێبەخشیوە.

لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی گەشتوگوزاری گەرمیان هێمای بەوەکرد کە (٤٥) ناوچە لە شوێنە جیاوازەکانی گەرمیان هەڵکەوتەی جوگرافیان گەشتیاریەو لە ماستەر پلانی ناوچە گەشتیاریەکانی گەرمیانن.

هەندێک لەم شوێنە گەشتیارییانە چوار وەرزین واتا چوار وەرز شوێنەکە دەست دەدات بۆ سەردانی کردن، لەو سەیرانگایانەش: (سەرتەک، بێلولە)ن.

ئەنوەر عەبدولقادر، باسیلەوەشکرد: گەشتوگوزاری گەرمیان بە پێی پلانی ساڵانەی خۆی کاتی دیاریکردوە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری بۆ ئەو شوێنانە، بەشێوەیەک ئێستا (٩) ناوچە لە بەرنامەی کاریاندایە.


لەبارەی شوێنی مانەوەی گەشتیار، لە کۆی ئەو (٤٥) سەیرانگا و شوێنە گەشتیارییانە، تەنها بێلولە شوێنی مانەوەی گەشتیاری هەیە.

سالار فەقێ محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، دەڵێت: "سەیرانگا مەرج نیە شوێنی مانەوەی بێت ئەمە لە زۆر شوێن وایە".

شوینی مانەوە لە سەیرانگاکانی گەرمیان نیە و لە تەنها لە قەزای کەلار، دو هۆتێل و موتێلێکی تێدایە بۆ مانەوە، بەڵام قەزا و ناحیەکانی دیکەی هیچ شوێنێکی مانەوەی تێدانیە.

## 4. رووبەرو شوێنی زەویە گەشتیارییەکان لە گەرمیان

بە پێی ئەو بەڵگانەی تایبەت بە زەوییە گەشتیارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیانەوە دەست یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کەوتوە، روبەری( ٣ ,٣٩٣ ,٦٤٥م$^{٢}$ ) زەوی لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە ساڵی ٢٠١٣ خراوەتە سەر گەشتوگوزار.




## 5. لایەنە ئیدارییەکانی گەرمیان: شوێن هەیە و وەبەرهێنەر نیە

سەرۆکی شارەوانیەکان و بەرێوەبەرانی قەزاو ناحیەکان تێکرا کۆکن لەسەر ئەوەی کە زەوی تایبەتیان هەیە بۆ پرۆژەی گەشتوگوزاری، بەڵام وەبەرهێن پرۆژەی گەشتوگوزاری ئەنجام نادات.

قادر فەتاح، سەرۆکی شارەوانی کفری، ئەوەی ئاشکراکرد، لە سنوری قەزای کفری نزیکەی (٤٠ بۆ ٥٠) دۆنم زەوی تایبەت هەیە بۆ پرۆژەی گەشتوگوزار."

بەوتەی سەرۆکی شارەوانی قەزاکە لە کۆی ئەو زەویانە هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری دروست نەکراوە.

لە سنوری قەزای کفری بەنداوی باوەشاسوار لە گەڵ ڕێگای نێوان قەزای کفری و ناحیەی سەرقەڵا دوناوچەی دیار و لەبارن بۆ گەشتیاری، بەڵام ئەو شوێنانەش سودی لێنەبینراوە.

سەرۆکی شارەوانی قەزاکە هۆکاری سود وەرنەگرتن لەم شوێنانە وابەستە دەکات بە قەیرانی دارایی و پێشکەش نەکردنی هیچ داواکاریەک لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە.

لە قەزای کەلار بە وتەی سەرۆکی شارەوانیەکەی، بە درێژای روباری سیروان دابینکراوە بۆ پرۆژەی گەشتوگوزاری کە روبەرەکەی سەروی (٣٠٠) دۆنم زەوی دەبێت.

ئەکرەم ساڵح، باسی لە زەویەکانی دیکەش کرد لە قەزاکە و وتی: "لە بەرزایەکانی بەردەسور نزیکەی ٦٥ دۆنم زەویمان هەیە کە دانراوە بۆ پرۆژەی ئەکوا پارک یاخود پرۆژەیەکی دیکەی مۆدێرن."

ئەکرەم ساڵح، باسی لەوەشکرد: لە کاتی دەستبەکاربونیەوە هیچ وەبەرهێنێک پرۆژەی پێشکەش نەکردون.

پرۆژە گەشتیاریەکانی دیکەش کە لە سنوری هەردو شارەوانی زەوی بۆدیاری کراوە خۆی دەبینێتەوە لە: ریستۆرانت و ئوتێل.

ناحیەی سەرقەڵا دەکەوێتە نێوان دو قەزا هاوکات رۆژانە ژمارەیەکی زۆر بارهەڵگر و تانکەرە نەوت بە ڕێگای ئەو ناحیەیە هاتوچۆ دەکات و ڕێگەکەشی کراوە بە دوسایدو کاری تێدا دەکرێت، ئەمەش زۆر لەبار دەبێت بۆ ئەوەی ریستۆرانتی گەشتیاری لەسەر ڕێگای دوسایدی ئەو ناحیەیە دروستبکرێت بۆ ئەوەی هاتوچۆکەرانی ئەو ناوچەیە سەرنجیان رابکێشرێت بەتایبەت هاتوچۆکەرانی خەڵکی خواری عێراق و وڵاتی ئێران.

لەبارەی ئەم کارەوە، بەرێوبەری ناحیەکە جەختی لەوەکردوە ئەمەیان زۆر لاگرنگە کە سودی تەواو لەو ڕێگایە وەربگرن، بەڵام گرفتی ئەوان فەرمانگە جیاجیاکانن کە زۆرجار بەهۆی ئەوەی زەویەکان کشتوکاڵین ناتوانن پرۆژەکانیان سەربگرێت.

رامیار عبدولرەحمان، وتیشی: "هەر وەبەرهێنێک بیەوێت لەو ڕێگایە ریستۆرانت یاخود هەر پرۆژەیەکی دیکە ئەنجام بدات خودی خۆم کارەکانی بۆ تەواو دەکەم بۆ ئەوەی توشی گرفت نەبێتەوە."

## 6. ئەو پڕۆژە گەشتیارییانەی لە سنوری گەرمیان ئەنجامدراون

چەند پڕۆژەیەکی گەشتیاری لە سنورەکە کارکردن تێیدا دەستی پێکردوە هەندێک پڕۆژەش کارەکانی تەواو بوە کە خۆیان لە پرۆژەی جیاجیای گەشتیاری دەبینێتەوە.

لە سنوری شارەوانی کەلار پرۆژەی ریستۆرانتێکی مۆدێرن لە بواری جێبەجێکردندایە و زەوی پرۆژەکە کارەکانی پێدانی بە وەبەرهێن تەواو بوە، بە وتەی سەرۆکی شارەوانی کەلار دەست کراوە بەکارکردن لە پرۆژەکە.

ئەمە تەنها پرۆژە نیە، بەڵکو پرۆژەی (شاری رۆمای گەشتیاری) بەهەمان شێوە یەکێکی دیکەیە لەو پرۆژانەی کە بەشێک لە رێکارە یاسایەکانی تەواو بوە، بەڵام سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: هیچ نوسراو دۆکۆمێنتێکی رەسمیان نەهێناوەتە شارەوانی کەلار.

کۆی پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٣ بۆ ٢٠١٩ ) پێکهاتوە لە (١٠) پرۆژە بەشێوەیەک (٣) پرۆژەیان تەواوکراوە کە پێکهاتون لە(بینای کەلەپوری گەرمیان، بینای بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان، بینای گەشتوگوزاری کفری).

یەک پرۆژە کارکردن تێیدا بەردەوامە (پرۆژەی دروستکردنی شوێنی گەشتیاری دەروازەی کەلار-سلێمانی)، تێچوی ئەم چوار پرۆژە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ بوە، تێچوەکەشی (٣،٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠)سێ ملیارو حەوت سەد ملیۆن دینار بوە.

شەش پرۆژەکەی دیکە کارەکانی وەستاوە کە (٣) پرۆژەیان لەسەر بودجەی وەبەرهێنای ساڵی ٢٠١٣ کە خۆی دەبینێتەوە لە پرۆژەی: (گەشتیاری ئەڵوەن، گەشتیاری بەردەسور و کۆمەڵگەی دیدەوانی گەنجان).

(٣) پرۆژەکەی دیکەیان لەسەر بودجەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان/(٢٠١٣) یە، ئەوانیش پێکهاتون لە: (جوانکاری گەشتیاری دەوروبەری قەڵای شێروانە/کەلار، گەشتیاری بەنداوی باوە شاسوار/کفری، گەشتیاری عیسایی).

بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیان دڵنیایی ئەوە دەدات پرۆژەی گەشتوگوزار بە حکومەت جێ بەجێ ناکرێت: "پرۆژەی گەشتوگوزار بە وەبەرهێن دروست دەکرێت، چونکە دەبێت بەردەوام تازەبکرێتەوە".



**وێنەی دو پرۆژەی گەشتیاری کە لە کفری دروستکراون**

## 7. بۆچی وەبەرهێنەران لە گەرمیان پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام نادەن؟

### ا. نەبونی سەقامگیری سیاسی

نەبونی سەقامگیری سایسی و ئەمنی لە ناوچەکە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وەبەرهێنەران باسی لێوەدەکەن وەک رێگریەک دەیخەنەڕو.

لە کاتی روبەڕوکردنەوی ئەو پرسیارە لە وەبەرهێنەر (بەرزان عومەر)، بەوەی کە لە بارنامەیدایە پرۆژەی وەبەرهێنان لە ناوچەکە ئەنجامبدات، بێ دودڵی وتی: "ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت بێگومان نەخێر."

وتیشی: خەڵکیش بێتاقەتە لەم دۆخەی ئێستای کە تێیداین لە پێشتریش هەروا بوە، بۆیە پرۆژەی گەشتیاری ناتوانرێت بە ئاسانی ئەنجامبدرێت.

بەهەمان شێوە بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیان رایوایە: "وەبەرهێن متمانەی بە باری سیاسی و ئابوری ناوچەکە نیە".

وتیشی : "وردە وردە ئەو دۆخەمان تێپەڕاندوە ئیتر ئەبێت وەبەرهێنەکان بێنە پێشەوە".

### ب. جیاوازی کردن لە نێوان وەبەرهێن و پرۆژەکان

بە پێی یاساکانی پێدانی پرۆژە بەشێوەی وەبەرهێنان لەکاتی واژۆکردنی پرۆژەکە لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار بڕی تەواوبوی پرۆژەکە دیاری دەکرێت بۆ تاپۆکردن، بۆنمونە پڕۆژەیەک لە دوای تەواو بونی (٦٠%  یاخود٨٠%)ی زەویەکە تاپۆدەکرێت لەسەر وەبەرهێن، بەڵام ئایا جیاوازی کراوە لە تاپۆکردن دا؟

دیوان مۆڵ کە یەکەم مۆڵە لە سنوری گەرمیان دروستکراوە و تێچوی پرۆژەکە ٧ملیۆن دۆلار بوە، وەبەرهێنەری پرۆژەکە دەڵێت جیاوازی کراوە لە تاپۆکردنی پرۆژەکەدا.

ئەحمەد محەمەد، خاوەنی پرۆژەی دیوان مۆڵ ئەوەی ئاشکرا کرد بە پێی گرێبەستەکەیان لەگەڵ حکومەت لە کاتی تەواوبونی (٦٠% )ی پرۆژەکە زەویەکە تاپۆدەکرێت بەناویانەوە، بەڵام دوای تەواوبونی پرۆژەکەو تێپەڕبونی ماوەی ساڵێک زیاتر بەسەریدا تاوەکو ئێستا پرۆژەکە تاپۆنەکراوە.

هۆکاری تاپۆنەکردنەکەشی وابەستەکرد بە کەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە بەوەی پرۆژەی دیکەیان تاپۆکردوە کە کاتی تەواوبونی لە دوای پرۆژەی دیوان مۆڵەوە بوە.

وەبەرهێنەری ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد ئەمە وایکردوە دڵنیانەبین لە حکومەت کە پرۆژەی دیکەی گەشتیاری ئەنجام بدەین.

## ت. کەمی خزمەتگوزاری

وەبەرهێنەران جەخت لەوەدەکەنەوە کە شارەوانیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک رێگاوبان دەبێت دەستپێشخەربن بۆ سەرەنجراکێشانی وەبەرهێنەران بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری، ئەوەش بە پرۆژەکانی تایبەت بەخۆیان، وەک: جوانکردنی سیمای شار و زیادکردنی رێژەی سەوزایی و دیزاینکردنی رێگاو بانەکان بەشێوەی نوێ، تاوەکو ببێتە مایەی سەرەنجراکێشانی خەڵکی دەرەوەی ناوچەکە.

بەرزان عومەر، وەبەرهێنەر، لەمبارەیەوە وتی: "لە کەلار چەند ساڵە هەر وەبەرهێنێک داوای پرۆژەی گەشتیاری بکات پێی دەڵێن سەر سیروان، بەڵام تاوەکو ئێستا لایەنە ئیداریەکان نەیان توانیوە راگرێک بۆ ئەو روبارە بکەن لەو بەشەی کە لە ناو شارەکەیە، چونکە ساڵانە دەبینی هەر جارەو روبارەکە رێڕەوێکی هەیە و سەقامگیر نیە".

لە بارەی ناوچە گەشتیارییەکانی دیکەشەوە وتی: "ناوچەی دیکەی گەشتیاری گۆمە بەحرییە، ئایا هیچ وەبەرهێنێک لە خۆیەوە دەچێتە ئەو شوێنە ئوتێل دروست بکات تاوەکو حکومەت کارەباو رێگاو بان و پرۆژە سەرەتایەکانی دیکەی بۆ دابین نەکات؟".

## پ. دابینەکردنی کارەبا

کارەبا وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی پرۆژە گەشتیاریەکان دێتە ژماردن، بەهۆی زۆری بڕی ئەو کارەبای کە پێویستە بۆ پرۆژەکان، وەبەرهێن ناتوانێت دابینی بکات یاخود قورسیەکی زۆر روبەڕویان دەبێتەوە لەکاتی دابینکردنی.

وەبەرهێن ئەحمەد محەمەد، ئەمەی بەیەکێک لە گرفتە زۆر قورسەکان لە قەڵەم دا کە روبەڕوی وەبەرهێنی پرۆژەی گەشتیاری دەبێتەوە. وتی: "بۆ پرۆژەی دیوان مۆڵ کارەباکەی وەک کارەبای ماڵان بۆ دابینکراوە، ناچار دو مۆلیدەی

گەورەی بێدەنگمان بۆ هێنا تایبەتمەندیەکەی زۆر بەرزبو لە گەرمای گەرمیان بەرگەی نەدەگرت بەمەش زیاتر لە (١٥٠) هەزار دۆلارمان خەرجکردوە بەتەنها بۆ ئەو دو مۆلیدە".

وتیشی: ئەمە کاریگەری هەیە لەسەرئەوەی ئایا پڕۆژەیەکی گەورەی گەشتیاری دروست بکەین زەمانی کارەبای بۆ ئەکرێت، چونکە قورسیەکی زۆری لەسەر وەبەرهێن هەیە.

بەهەمان شێوە بەرزان عومەر، وەبەرهێنەر دەڵێت: "من بۆ پڕۆژەیەکی خۆم پێویستم بە محاویلەیەکی ٥٠٠ ئەمپێری بو دوای دومانگ و هاتوچۆ و داواکردنی زۆر محاویلەیەکی ٢٥٠ ئەمپێریان پێداوم، ئەوان ئەڵێن پێمان دابین ناکرێت بە مەرجێک ئەو پڕۆژەیەی من لە ناوەندی شارە لە کەلار، کەواتە بۆ سەر روباری سیروان و شوێنەکانی دیکە چۆن کارەبا دابیندەکەن!".

لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی ئوتێلی (لەندەن ئای) باسیلەوەکرد: لە لایەنی دابینکردنی کارەبا هیچ کێشەیەکیان نیە.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانیش، لەسەر دابینەکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ پرۆژەکان وتی: "هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان کە ئەنجام دەدرێت لە سنورەکەک لە روی کارەبا و ئاوەوە ئەبێت لە سەرەتای پرۆژەکە یەکلای بکرێتەوە، بەڕێوبەرایەتی کارەباش دەبێت پلانی هەبێت بۆ پرۆژەکان، بەڵام ئەوەش بە بودجەی باش دەکرێت".

## ج. رۆتیناتی فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکان و دروستکردنی گرفت

سەرجەم ئەو وەبەرهێنەر و پارێزەری کۆمپانیایانەی کە پرۆژەیان پێشکەش کردوە بۆ گەشتوگوزار، جەخت لەوە دەکەنەوە رۆتیناتی فەرمانگەو بەڕێوبەرایەتیەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی پرۆژە بکشێنینەوە یاخود پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام نەدەین.

بەرزان عومەر، وەک وەبەرهێنەرێک ئەوەی خستەڕو بۆ پڕۆژەیەک دەبێت بەلای کەمەوە بچینە حەوت بەڕێوبەرایەتی، دواتر لەم بەڕێوبەرایەتیانە هەر یەکەو بیانویەکی هەیە کە تاقەتپڕوکێنە.

خاوەنی دیوان مۆڵ-یش هەمان رای هەیە و دەڵێت: "ئاگەدار نیم ئێستا گۆڕاوە یاخود نا، بەڵام کە من پرۆژەم وەرگرت بەناچاری خۆمان پەیوەندیمان دروست ئەکرد لە نێوان بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان بۆ رایکردنی کارەکانمان".

پارێزەرێکی بەشداربوش لە پرۆژەکانی گەشتوگوزار لە گەرمیان لە بارەی رۆتینات لە دامودەزگاکانی حکومەت رایگەیاند لێرەوە تا وەزارەتەکانی هەولێر، رۆتینات هەیە بۆکارەکان.

پارێزەر (هۆشمەند عوسمان)، وتیشی: "ئەمە بەشێوەیەکە لێرە لە دامودەزگاکان بۆ پرۆژەی گەشتوگوزار رۆتیناتەکە زیاترە".

لەبەرامبەردا سەرۆکی شارەوانی کەلار پێیوایە ئەوە رۆتینات نیە کە باسی لێوەدەکەن، بەڵکو "رێکاری یاساییە و دەبێت بکرێت".

ئەکرەم ساڵح، هێمای بەوەشکرد: "ناکرێت وەبەرهێن واتێبگات پرۆژە هەر ئەوەیە کە زەویەکەی بۆ دەرچو پێیبدرێت و بڕوات، بەڵکو هەمو پڕۆژەیەک کۆمەڵێک رێکاری یاسایی خۆی هەیە دەبێت وەبەرهێن جێبەجێی بکات کە رای هەمو ئەو لایەنانەیە کە پێویستە رەزامەندبن."

وتیشی: هەروەبەرهێنێک کە پێیوایە پرۆژەی هەبوە و رۆتینی بۆ دروستکراوە لە دامودەزگاکان، من لێرەوە پێیَ دەڵێم ئەگەر ئەمەی روبەڕوبوەتەوە دەتوانێت بێتە شارەوانی بۆ ئەوەی رێگری لەو رۆتیناتە بکەین.

رامیار عبدولرەحمان، بەهەمان شێوە جەختی کردەوە لەوەی هەر وەبەرهێنێک بچێتە سەرقەڵا ناهێڵێت رۆتینات و گرفتی روبەڕو ببێتەوە.

بەڵام بەرێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان جەختدەکاتەوە کە رۆتینات وەبەرهێنرانی سارد کردوەتەوە لەکارەکانیان.

پشتیوان عەبدولکەریم، بەرێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، لەبارەی ئەم گرفتەوە قسەیکرد و وتی: "ئەمە کاریگەری راستەوخۆی کردۆتە سەر گەشتوگوزار، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە گرفت نەهێنرێتە بەردەم وەبەرهێنەران ئەوکات لەبری یەک ئوتێل چەند ئوتێلێکمان دەبو، لەبری مۆڵێک چەندین مۆڵمان دەبو کە ئەمەش کاریگەریەکی زۆری دەبو لە راکێشانی سەرنجی وەبەرهێن".

پشتیوان عبدولکەریم، جەختی کردەوە: لە سنوری زەویەکانیان هەر وەبەرهێنەرێک پرۆژەی بوێت بە بێ هیچ گرفتێک کارەکەی بۆ رای دەکەن و خۆیان ئیشە ئیداریەکانی بۆ جێبەجێ دەکەین.

لەبەرامبەر ئەوەی  کە لایەنی حکومی ناوچەکە باس لەوەدەکەن هاوکاری هەر وەبەرهێنیک دەکەن کە پرۆژەی هەبێت، ئیدرسی حاجی حسێن، وتی: "ئەوەی کە دەڵێت هاوکاریان دەکەین با روبەڕو ئەوە بە ئێمە بڵێت، من پێی

ئەڵێم کە پرۆژەشم بۆ بردوە ئامادە نەبوە بە ئەتەکێتەوە پرۆژەکە وەربگرێت و پێشوازیمان لێبکات چ جا بگاتە ئەوەی هاوکاربن".

## 8. ئەو پرۆژانەی بەهۆی گرفت و رۆتیناتەوە لە گەرمیان کشێنراونەتەوە

لەماوەی رابردودا چەند پڕۆژەیەکی گەشتیاری لە لایەن وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانەوە هەوڵی دروستکردنی دراوە، بەڵام هەندێکیان کشێندراوەنەتەوە بەشێوەیەک کە نەخشەی پرۆژەکەش دانراوە و دواتر دەستبەرداری پرۆژەکە بون.

یەکێک لەو پرۆژانە پرۆژەی گەشتیاری سەر روباری سیروان بوە کە بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کەوتوە بەهۆی دروستکردنی گرفت بۆی، وەبەرهێنەر پرۆژەکەی کشاندۆتەوە، ئەو گرفتانەشی کەبۆ پرۆژەکە پێشهاتوە بریتی بوە لەوەی تەداخولی زۆر کراوە بەشێوەیەک کارگەشتۆتە ئەوەی دیزاینی پرۆژەکەش بگۆرن، هەر بەم هۆیەوە پرۆژەکە کشێندراوەتەوە. لەگەڵ ئامانەشدا پێدانی شێوازی زەویەکە هۆکارێکی دیکەی پشت کشانەوەی پرۆژەکەبوە.

لە بەرامبەردا سەرۆکی شارەوانی کەلار رایگەیاند کە نابێت پرۆژە بە خواستی وەبەرهێنەر دیزاین بکرێت، دەبێت بەو شێوازە دیزاین بکرێت کە حکومەت دیاری دەکات.

ئەکرەم ساڵح، وتی:"وەبەرهێنەر بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە حکومەتیش بیر لە سودی گشتی دەکاتەوە، هەر کەسێک سایت پلانێکی هەبێت مەرج نیە سایت پلانەکەی ئەو جێبەجێ بکرێت، چونکە زەوی بۆ تەرخان دەکرێت کە ئەمەش ئاسان نیە دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ زەویەکە بکەین واتە ئەگەر زەویەکە چەند ملیۆن دینار قیمەتی بێت دەبێت پرۆژەکەش بەو نرخەبێت، ئەوکات ئەوە دەنێرینە وەزارەت ئەو رەزامەندی دەردەبڕێت.

وتیشی: "دواتر ئەگەر وەبەرهێنێک بیەوێت پرۆژەیەک لەسەر ئەو زەویە دروست بکات، پرۆژەکەی نرخەکەی کەمتر بو ئەوا دیزاین و پرۆژەکەی پێدەگۆڕین یاخود پێی نادرێت".

ئەمە تەنها پرۆژە نیە کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان دەستبەرداری بون، گروپی کۆمپانیاکانی دیوان بەهەمان شێوە دەست بەرداری پڕۆژەیەکی گەشتیاری بوە.

هۆشمەند عوسمان، پارێزەری ئەوکاتی پرۆژەکە ئەوەی خستەڕو: رۆتینات و دروستکردنی بەربەست وایکرد کۆمپانیاکە دەست بەرداری پرۆژەکە بێت.

وتیشی: "گرفتەکان کە بۆی هاتەپێش وایکرد تێچوی پرۆژەکە زۆر زیاد بێت بەمەش کشاندیەوە."

خاوەنی گروپی کۆمپانیای دیوان لەکەلار، هێمای بەوەکرد نەبونی رونیەک لە پێدانی پرۆژەکان و رۆتیناتی زۆر ناچاری کردین پرۆژەکە بکشێنیەوە.

ئەحمەد محمەد، باسیلەوەشکرد ماوەی ساڵ ونیوێک لە وەرگرتنی پرۆژەکە وایان لێکردون لەیەک خاڵدا بمێننەوە بەهۆی رۆتیناتی زۆرەوە دواتریش داعش سەری هەڵدا.

وتیشی: "شەرت نیە ئەوەی روبەڕومان بۆتەوە رێگری بێت، خودی کارەکان رۆتیناتی زۆرە و پێویستە پێداچونەوەی بۆ بکرێت".

لە بارەی گروپی کۆمپانیاکانی دیوان کە هەستاون بە دیزاینکردنی ناوچەیەکی گەشتیاری لە سنورەکە، بەڵام گرفت بۆ پرۆژەکەیان دروست کراوەو بە ناچاری پرۆژەکەیان راگرتوە دوای دیزانین کردنی، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیان، هێمای بەوەکرد: "کاری ئەوان لە سنوری شارەوانی بوە نەک ئێمە، دواتر ئێمە داوامان لێکردن بێن چ زەویەکیان دەوێت پێیان دەدەین بەڵام نەهاتن".

لە بارەی نەهاتنیشیان، پشتیوان عبدولکەریم، ئەوەی خستەڕو: "پێیان وتین زەویەکانی ئێوە دورن و بەکەڵکی ئیمە نایەن، ئەوان زەویەکیان دەویست لە ناوشاربێت".

پارێزەرەکەی پرۆژەی دیوان جەختی لەوەشکردەوە "هیچ پاڵپشتیەک بۆ پرۆژەی گەشتیاری نیە ئەوەی کەدەڵێت پشتیوانی پرۆژەی گەشتیاری دەکەین تەنها قسەیە".

## 9. وەبەرهێنەرێک: بۆ وەرگرتنی پرۆژە دەبێت کەسێکت لە پشت بێت

وەبەرهێنەرێک جەخت لەوەدەکاتەوە رەزامەندی دەربڕین بۆ پێدانی پرۆژەو دروستنەکردنی گرفت بۆ پرۆژە لە سنورەکە، پەیوەستە بەلایەنی میزاجی و بونی پاڵپشت.

بەرزان عومەر، ئەوەی ئاشکراکرد کە بەڕێوبەرایەتیەکانی پەیوەست بە واژۆکردنی لاری نەبون لە پرۆژە و کارەکانیان بە میزاج دەکەن.

وتیشی: ئەگەر کەسێکت لە پشتبێت بەدڵنیایەوە کارەکەت زۆر بە ئاسانی بۆ دەکرێت، ئەمە راستیە و دەبێت قبوڵی بکەین ئەگەرچی قورسیشە.

حاڵەتێکی دیکە کە رەنگە بیستنی نامۆ نەبێت، داواکردنی پشکە لە وەبەرهێن لە کاتی پێدانی پرۆژە، کەواتە ئایا ئەمە روبەڕی وەبەرهێنەران بۆتەوە لەکاتی دواکردنی پرۆژە؟

بەڕێوبەرەکەی گەشتوگوزار ئامادە نەبو رونکردنەوە بدات لەسەر ئەو پرسیارەی کە باسی لێوەدەکرێت، رایگەیاند کە ئەوە پەیوەندیدار نیە بەکاری ئەوانەوە.

هاوکات بەرزان عومەر لە بارەی ئەمەوە وتی: "ئەوە تەنها شتێکی دەماو دەمە و واقعی نیە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە کەسەکە خۆی بەو کەسەی وتبێت پشگیرم بە دواتر پشکت پێدەدەم، ئەگینا ئەو حاڵەتە روبەڕوی من نەبوەتەوە."

## 10. وەبەرهێنێک باس لەو پرۆژانە دەکات کە پێشکەشی کردوە و قبوڵ نەکراون

وەبەرهێنێک راستی ئەو پرۆژانە دەخاتەڕو کە پێشەکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی گەرمیانی کردوە و لەماوەی ئەم شەش ساڵەی کۆتایی دا، بەڵام پرۆژەکانی لێوەرنەگیراوە.

ئیدریس حاجی حسێن، وەبەرهێن لە گەرمیان، وتی: "لە ساڵی ٢٠١٣ پرۆژەیەکم پێشکەش کرد بۆ ئەوەی لە شاری یاری کەلارەوە بە پرۆژەیەکی گەشتیاری تەلەفریک دروست بکەین بۆ ئەو بەری سیروان، بەڵام وەریان نەگرت".

یەکێکی دیکە لە پرۆژەکانی ئەم وەبەرهێنە کە بیرۆکەی کارەکەی لە پرۆژەیەکی گەشتیاری وڵاتی ئۆکرانیاوە وەرگرتوە بۆ سەر روباری سیروان بوە وەک خۆی هێمای بۆکرد: "ئەو پرۆژەیەی کە بیرۆکەی کارەکەم بو بۆ سەر روباری سیروان پێکهاتبو لە دروستکردنی دەریاچەیەک بە پانی یەک کیلۆمەتر و درێژی چوار کیلۆمەتر کە بەلەم و یەختی تێدابێت بۆ گەشتیاران، هەروەها چواردەورەکەی ببیتە شوێنی کەپرو کافێ و مانەوەی گەشتیار، پرۆژەکەم بردە گەشتوگوزاری گەرمیان ساڵی ٢٠١٨".

وتیشی: "پێش سێ مانگ پرۆژەیەکی دیکەی گەشتیاریم پێشکەشکردوە، بەڵام ئەویش قبوڵ نەکرا".

لە بارەی هۆکاری قبوڵنەکردنی پرۆژەکان و رێگری کردن لە دروست کردنیان ئیدریس حاجی حسێن، جەختی لەوەکردنەوە "ئەمە دەرخەری گەشەنەکردنی عەقڵە لەگەڵ دورنەبینی بۆ داهاتو لەلایەن ئەو کەسانەوە".

هێمای بەوەشکرد:"هەندێک کات پرۆژەکان دەبەستنەوە بە پەیوەندی شەخسیەوە".

## 11. قسەی لیژنەی گەشتوگوزار لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بەدوادچونەکانیان بۆ گرفتەکانی گەشتوگوزار.

ئەندامیکی لیژنەی گەشتوگوزار لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبارەی گرفتی وەبەرهێنەران بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەگەرمیان ئەوەی خستەڕو: ئاگەدارین جیاوازی شەخسی دەکرێت لەنێوانیان.

محەمەد شێخ وەهاب، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە وەبەرهێنەرەکان جیاوازی دەکرێت لەگەڵیان بۆ وەرگرتنی پرۆژە، رایگەیاند:"ئەوە راستە، بەڵام دەبێت وەبەرهێنەران خۆیان بێدەنگ نەبن".

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باسی لەوەشکرد: چەند پرۆژە لە ناوچەکە بە زیادکردنی ئاشکرا دراوە بە وەبەرهێنەر، بەڵام ژێربەژێر لە لایەن بەرپرسانی ناوچەکەوە تاپۆکراوە لەسەریان ئاگاداری ئەمەین.

محەمەد شێخ وەهاب، جەختی لەوەشکردەوە کە پاڵپشتی هەمو وەبەرهێنەرانن بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و ئاگاداری ئەوەن کە جیاوازی شەخسی دەکرێت لەنێوانیان "ئاگاداری ئەوەی کە پرۆژە هەیە بەهۆکاری شەخسی لە ناوچەکە پەکی پێخراوە و بەهۆی تەداخولکردنی بەرپرسێکەوە گرفتی بۆ دروستکراوە".

وتیشی:"هۆکاری ئەوەی گەشتوگوزار لەم ناوچەیە نەتوانراوە لە لایەن حکومەتەوە پێشبخرێت قەیرانی دارایی بوە لە چەند ساڵی رابردودا ".

## 12. ئاماری پرۆژە پێشکەشکراوەکان و ئەو زەویانەی موزایەدەی بۆ کراوە

گەشتوگوزاری گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان جەخت لەوەدەکەنەوە کە هیچ پرۆژەیەکیان پێشکەش نەکراوە لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پارچە زەوییان هەیە کە بانگەوازی زیادکردنی ئاشکرایان بۆ کردوە بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ پرۆژەی گەشتیاریی.

پشتیوان عەبدولکەریم، هێمای بەوەکرد:" (٥) دۆنم زەوی موزایەدەمان بۆ کردوە بۆ ریستۆرانت تا ئێستا یەک کەس هاتوە بە موساتەحە زەویەکە وەربگرێت، موزایەدەمان بۆ پرۆژەی ریستۆرانت و کەپری سەر سیروان کردوە کەچی یەک وەبەرهێن نەهاتۆتە پێشەوە".

وتیشی: "هەزار دۆنم زەویمان خستۆتە موزایەدەوە وتومانە بۆ هەر پرۆژەیەک بێت کێ ئەیەوێت بە وەبەرهێنان بێت یاخود بە زیادکردنی ئاشکرا یان بە کرێی ساڵانە، کەچی کەس نەهاتوەتە پێشەوە.

## 13. لایەنە پەیوەندیدارەکان چیانکردوە بۆ راکێشانی سەرەنجی وەبەرهێنەران

### ا. قەزاکان

سەرۆکی شارەوانی قەزاکانی کەلار و کفری لەبارەی هەوڵەکانیانەوە رایدەگەیەنن بە بەردەوامی لە رێگەی بانگەوازەوە وەبەرهێنەرانیان ئاگەدارکردوەتەوە، بەڵام هیچ وەبەرهێن و سەرمایەدارێک نەهاتوە بە دەم بانگەوازەکانیانەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە سەرۆک شارەوانیەکان دەتوانن لەرێگەی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانەوە ئەو ناوچانەی دەست دەدەن بۆ گەشتوگوزار ئاوەدان بکەنەوە و ئەمەش ئەو پرسە دێنێتە پێشەوە قەڵای شێروانە لە کەلار و باوەشاسوار لە کفری لەگەڵ روباری سیروان و چەند ناوچەیەکی دیکە چیان بۆکراوە لە لایەن شارەوانیەکانەوە؟

سەرۆکی شارەوانی کەلار، هێمای بەوکرد بۆ سەرنجراکێشانی وەبەرهێنەران بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەسەر روباری سیروان، هەستاوین بە دروستکردنی راستە شەقامێک لە ناو بازاڕی کەلارەوە بۆ سەر روبارەکە بەشێوەی دیزاینێکی نمونەیی.

ئەکرەم ساڵح، جەختی لەوەکردوە کە بە تەواوبونی ئەم پرۆژەیە دەرگایەک واڵادەبێت کە سەرمایەدار و وەبەرهێن دەست بکەن بە پرۆژەی گەشتیاری لەسەر روباری سیروان.

لەبەرامبەردا (ئەحمەد محمەد)، خاوەنی دیوان مۆڵ لە کەلار، ئاماژەی بەکرد کە پێیانخۆشە پرۆژەی ریستۆرانت و کافێ دروست بکەن، بەڵام ترسیان هەیە یاساکانی پێدانی پرۆژەی گەشتیاری بگۆڕێت تاوەکو پرۆژەکە تەواودەکەن، چونکە ماوەی پرۆژەکە درێژخایەن دەبێت.

بەنداوی باوەشاسوار کە دەکەوێتە بەشی پشتەوەی قەزای کفری، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئەو رێگایەشی دەچێتەوە سەر بەنداوەکە بە پشتێنەیدا بکرێت بەدارستانی دەستکرد و ناوچەیەکی سەوز، لەبەر ئەمە سەرۆکی شارەوانی قەزاکە باسی لەوەکرد زەویەکانی ئەو رێگایەی کە دەچێتەوە سەر بەنداوەکە لە لایەن چەند کەسێکەوە داگیرکراوە.

قادر فەتاح، وتی :"راستە ئەو زەویانە خەڵک داگیری کردوە و کردویانە بە باخ بۆ خۆیان، لەبنەڕەتیشدا ئەو زەویانە موڵکی وەزارەتی داراییە."

ئەو ڕێگایەیی دەچێتەوە سەر بەنداوی باوەشارسوار نزیکەی چوار کیلۆمەتر دەبێت.

## ب. ناحیەکان

لە ناحیەکانیش بەهەمان شێوە شوێنی گەشتوگوزار وەک شوێن هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لەو شوێنانەی کە چەم و دارستان و سەوازایی سروشی لێیە و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە وەرزە جیاوازەکان سەردانی دەکەن، بەڵام دەبێت بزانین بەرپرسانی ئیداری چیان کردوە بۆ کردنە ناوچەیەکی گەشتیاری لەبار بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان وەک ڕێگاوبانی گونجاو و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی دیکە؟

بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، جەختی لەوەکردەوە کە نەبونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان وای کردوە سود لەو ناوچانە وەرنەگیرێت، لەبارەی ئەوەشی وەک لایەنی حکومی چیانکردوە؟ ڕامیار عەبدولرحمان، وتی: "ڕێگاوبانەکان چاککراوە هیچ کێشەیەکی ڕێگایان نیە تەنها ئەوەیە هیچ خزمەتگوزاریەکی نیە، کەسیش بە گەرما بە بێ بونی کەپر نایەت بۆ ئەو شوێنانە تەنها بەهار خەڵک ئەتوانێت سەردانی کات".

ناحیەی سەرقەڵا یەکێکە لەو ناحیەیانەی  کە زۆرترین ڕێژەی سەوزایی هەیە، بەڵام بەرێوبەری ناحیەکە دەڵێت: بەهۆی ئەوەی گەشتوگوزار هیچ لقێکی لە ناحیەکە نیە، لە پرۆژەکانی گەشتوگوزار بە تەوای بێبەش بوە، بەوەی تاوەکو ئێستا ئوتێلێکیش لەو ناحیەیە نیە ئەگەر سەردانیکەرێک رو لە ناحیەکە بکات.

نەبونی ئوتێل بۆ مانەوەی سەردانیکەران و نەبونی ریستۆرانی گەشتیاری خاڵیکی لاوازن بۆ ئەوەی گەشتیار رو لەم ناوچانە نەکات.

ئاراس محەمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور باس لەوەدەکات: "هیچ وەبەرهێنێک بۆ پرۆژەی گەشتیاری داوای پێشکەش نەکردوین، لە کاتێکدا هەڵکەوتەی ناوچەکە بۆ گەشتیاریی لەبارە".

## ت. بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار

چەندین ناوچە لە گەرمیان هەڵکەوتەی جوگرافیان گەشتیارییە، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیان ئەوەدەخاتەڕو کە گرنگی زۆریان پێداون، بەڵام کەمی بودجە وای کردوە نەتوانین وەک پێویست خزمەتی بکەین بۆ زیاتر سەوزکردنیشیان دەڵیت ئەوە ئەرکی دارستان و پاوانی گەرمیانە.

بەنداوی باوە شاسوار ڕێگای قیرتاوی بۆکراوە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبای بۆ دابینکراوە، ئەمەش کار ئاسانی تەواوە بۆ وەبەرهێن ئەگەر بیەوێت پرۆژەی تێدا ئەنجامبدات.

## 14. شوێنەوارەکانی گەرمیان نەبون بەشوێنی گەشتیاری

لە گەرمیان چەند شوێنێکی مێژوی و شوێنەواری دێرین هەیە کە بونیان کەم وێنەیەو دەرخەری مێژوی ناوچەکەیە لە رابردودا، بەڵام شوێنەواری گەرمیان نەیتوانیوە ئەو ناوچانە بکاتە شوێنی سەرنجڕاکێشانی گەشتیار، بەهانەکەشی قەیرانی داراییە.

ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوبەری شوێنەواری گەرمیان، لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد کە لەگەرمیان 500 شوێنەوار هەیە، بەڵام تەنها (15) شوێنیان وەک شوێنی گەشتیاری دەبێت.

کەواتە لەم ١٥ شوێنە چەندیان بوەتە جێگەی بایەخی شێوێنەواری گەرمیان وایکردوە گەشتیار روی تێبکات؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە قەڵای شێروانە و بازاری قەیسەری کفری و چەند قولەیەکن کەخەڵکی سەردانیان دەکەن وەک شوێنێکی مێژویی.

جێگرەکەی بەڕێوبەری شوێنەواری گەرمیان سەروی خۆیان و هۆکاری خەرجنەکردنی پارەی لەلایەن حکومەتە کرد بەهۆکار بۆئەوەی شوێنەوارەکان نەبنە شوێنی سەرنجی گەشتیاران: "ئەشکەوتی (مانگا وەکەڵ) و (کونەبا) و (کۆشکی حەوشکوڕو) و چەند خانویەکی کەلەپوری لەقەزای کفری و (قەڵای مەحمود پاشا) لەتازەدێ و (هەڵکۆڵاوی دەربەنی بێلولە)، هەمو ئەمانە پێویستیان بەنۆژەنکردنەوە هەیە، دەرخستەشمان بۆ کردوە، بەڵام بەهۆکاری قەیرانی دارایی و گرنگی نەدان بەشوێنەوار تاوەکو ئێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە".

## 15. ناوچە گەشتیاریەکان پێویستیان بە ڕێگاوبانە


ڕێگاوبان خاڵێکی گرنگی گەشتنە بەو ناوچانەی گەشتیارین، هاوکات خاڵێکی گرنگی دیکە ڕێگا سەرەکیەکانی بەستنەوەی ناوچەکانی گەرمیانە لەگەڵ پارێزگا و خاڵە سنورییەکان، ئەگەرچی تێبینی زۆر هەیە لەسەر ڕێگا گشتیەکانی ناوچەکە، بەڵام بەڕێوبەری ڕێگاوبانی گەرمیان دڵنیایی دەدات کە ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر ناوچە گەشتیارییەکان کاری تەواوی بۆکراوە لە قیرتاوکردن.

بۆ ناوچە شوێنەواریەکان ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوبەری شوێنەواری گەرمیان وتی: قەڵای مەحمود پاشا لەتازەدێ لەگەڵ هەڵکۆڵاوی دەربەندی بێلولە پێویستیان بەرێگەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەنۆژەن نەکراوەتەوە و کارەمەندمان نیە بۆ پاراستنی، نامانەوێت رێگای بۆ بکرێت چونکە لەلایەن خەڵکەوە دەشێوێنرێت".

بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار ئاماژە بەوەدەکات: "بایەخ دراوە بە رێگا سەرەکیەکان، پێش قەیرانی دارایی لەگەڵ رێگاوبان پەیوەندیمان هەبو کە رێگای سەرتەک چاک بکەین، توانرا ئەو رێگەیە چاک بکرێت کە چەندین شوێنی گەشتیاری لەسەرە، بەڵام بۆ رێگا لاوەکیەکان دیسان قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکیە کە نەمان توانیوە کاری تێدا بکەین".

## 16. ئامارەکانی هاتنی گەشتیار بۆ گەرمیان

ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ لەم چارتەدا خراوەتەڕو.




بە پێی ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش بێت(٤٤٥٩٣) (چل و چوار هەزارو پێنج سەدو نەوەدو سێ هەزار) گەشتیار هاتونەتە سنورەکە.

بەشێوەیەک (٣٨٢ سێ سەدو هەشتاو دو گەشتیاری ناوخۆیی بوە و ٤٠٨٤٢ چل هەزارو هەشت سەدو چل و دو) گەشتیار لە خواری عێراق داخل بەسنورەکەبون لەگەڵ (٣٣٦٩) سێ هەزار و سێ سەدو شەست و نۆ گەشتیاری بیانی کە داخل بە سنورەکە بون.

وەبەرهێنەرێک دەڵێت: "ئەو ئامارانەی کە بڵاودەکرێتەوە لەسەر هاتنی گەشتیار بۆ گەرمیان راست نیە، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیارییە گەر دێنە ناوچەکە بۆچی هەستیان پێناکرێت؟".

لە ئاماری ساڵانە و لە کاتی بۆنەکاندا لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیانەوەوە ئامارێک بڵاو دەکرێتەوە کە تایبەتە بەهاتنی گەشتیار بۆ سنورەکە.

لە بارەی ئەو ئامارەوە وەبەرهێنەرێک ئاماژەی بەوەکرد کە: "ئەو ئامارانەی بڵاو دەکرێتەوە لە سەر ژمارەی ئەو گەشتیار کە رو لە ناوچەکە دەکەن راست نیە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە خواروی عێراقەوە دێن لەگەڵ ئەوانەی لە وڵاتی ئێرانەوە دێن لێرە نامێننەوە و دەچنە سلێمانی."

ئیدریس حاجی حسێن، خاوەنی هۆتێل (لەندەن ئای) لە کەلار، دەڵێت: "من وای ئەبینم ئەوانەی دێنە گەرمیان گەشتیاری راستەقینە نین، چونکە ئەوانەی لە خواروی عێراق دێنە گەرمیان خواردنەکەیان لەگەڵ خۆیان دەهێنن، چادر دەهێنن بۆ مانەوەیان نەک گەشتیار نین ئەمانەک بەڵکو تەنها هۆکارێکن بۆ پیسکردنی ژینگەی لێرەو هیچی دیکە".

هێمای بەوەشکرد: گەشتیار واتە سەردانی رستۆرانت و کافیەکانی ئێرەبکات بچێتە بازاڕ و مۆڵەکان لێرە سەردانی شوێنە جیاجیاکان بکات بۆ مانەوەشی بچێتە هوتێڵ، بەڵام ئێمە لە گەرمیان ئەم گەشتیارانەمان نیە، ئەوەی پێی دەڵێن گەشتیار گەرمیان وەک پردێک بەکاردێنیت بۆ گەشتن بە شارەکانی دیکە، ئەوەشی پێی وانیە و دەیەوێت هۆتێلی دیکە دروست بکات بێت من ئەوەی خۆمی پێدەدەم".

بەپێی قسەکانی خاوەنی هۆتێل لەندەن ئای، هەفتانە ٤ بۆ پێنج گەشتیار هەیە کە ئەوانیش خەڵکی بەغداد و ئێرانن.

لەبەرامبەردا بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیان دەڵیت: ئێمە ئامار بە وردی وەردەگرین ئەوەی بڵاوی دەکەینەوە هیچ گومانێکی تێدا نیە.

وتی: "لە هەمو بازگەکان نێودەوڵەتی بێت یاخود وەک بازگەکانی کە هاوسنورن لەگەڵ خواروی عێراق، بەشی ئاسایش لەوێ ئامارەکانمان بۆ وەردەگرن لە کەسەکان دەپرسن کە بۆچی داخل دەبن بۆ کاروباری گەشتیاری فۆرمی بۆ دەکەن، ئەو فۆرمە ژمارەو ناوی کەسەکەی لەسەرە هەمو ٢٤ کاتژمێرێک جارێک ئامارمان پێدەدەنەوە".

دانی بەوەشدا نا کە نازانن ئەو ژمارەیە هەموی لە کەلار ماونەتەوە یاخود چونەتە شارەکانی دیکەی هەرێم "مەرجیش نیە بچنە ئوتێل لەبەر ئەوەی ئێرە ناوچەیەکی کۆمەڵایەتیە رەنگە بچنە ماڵی خزمانیان".

## 17. بودجەی گەشتوگوزار وچۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکەی

بەڕێوبەرایەتی گشتی گشتوگوزاری گەرمیان لە ساڵی ٢٠١١ کراوەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە بودجەی بۆ خەرجکراوە.

بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار باس لەوەدەکات: "لە ساڵی (2015 بۆ 2019) لە کۆی (15) پرۆژەی گەشتیاری (5) پرۆژەی گەشتیارییان لەسەر داهاتی گەشتوگوزار ئەنجام دراوە.

تاوەکو بڕیاری سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆی حکومەت کە بڕیاری دا بە گەڕانەوەی سەرجەم داهاتی وەزارەتەکان بۆ وەزارەتی دارایی، بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان دەیتوانی ( ١٧ %) داهاتەکەی خەرج بکات.

کۆی داهاتەکانی بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزار لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠١٧، ٢٠١٨، لەگەڵ ٩مانگی ٢٠١٩) دەکاتە (٢٤١, ٢٦٢, ٣٢٥) ملیۆن دینار، بەمشێوەیەیە:

| مانگ/ساڵ | داهات بەژمارە | ١٧% کۆی داهات | بڕی خەرجکراوی ١٧% |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٧ | ١٢٤٣٧٩٨٠٠ | ٢١١٤٤٥٦٦ | ١٦٠٥٢٠٠٠ |
| ٢٠١٨ | ١٠٧١٣٣٩٠٠ | ١٨٢١٢٧٦٣ | ............... |
| ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٩ | ٩٧٤٨٦٢٥ | ١٦٥٧٢٦٦ | ٣٠٩٤٥٠٠٠ |

## 17. یاساکانی تایبەت بە وەرگرتنی زەوی گەشتوگوزار

### ا. زەویەکانی بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار

"زەویەکانی گەشتوگوزار بە سێ شێوە دەدرێت بە وەبەرهێن، مەزادی ساڵانە (یەک ساڵ، پێنج ساڵ و ١٠ ساڵ)، ئەمە چەند ملیۆنێک ئەبێت پرۆژەکە، ئەگەر زیاتر بو بە زیادکردنی ئاشکرا دەدرێتە وەبەرهێن واتە بۆ ٢٠ ساڵ تا ٢٥

ساڵ واتە تێچوەکەی بۆ نمونە نزیکەی ٨٠ ملیۆن بۆ ١٠٠ ملیۆن بێت، زەویەکی دیکە هەیە پێی دەوترێت وەبەرهێنان ئەو پرۆژەیەی لەسەری دروست دەکرێت ملیۆن دۆلارە یان ملیار دینارە".

بەڕێوبەری گەشتوگوزاریش بەم شێوەیە شێوازی پێدانی زەوی وەبەرهێنانی خستەڕو: زەوی وەبەرهێنان تاپۆ دەکرێت بەناوی وەبەرهێنەکەوە، بەڵام حکومەت لەکاتی پێدانی زەویەکە راستەوخۆ نایکات بەناویەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر هەیە ئەو نەیکاتە ئەو پرۆژەیە، بۆ نمونە تاوەکو ٨٠% پرۆژەکە تەواو نەبێت بە پێی یاسا ناتوانرێت زەویەکە تاپۆبکرێت بە ناوی کەسەکەوە.

وتیشی: "وەبەرهێن دێت دەڵێت یەکسەر زەویەکە بکەن بەناومەوە، ئەمە نابێت، لەبەر ئەوەی دواتر ئێمە دەسەڵاتمان نامێنیت بە سەر زەویەکە و ئەگەر هەیە بیکات بە پرۆژەی دیکە".

### ب. لە سنوری شارەوانیەکان

زەوی گەشتیاری لە سنوری شارەوانیەکان بە دو شێوە دەدرێت بە وەبەرهێنەران: یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ یاساکانی وەبەرهێنان بۆ پێدانی زەوی.

پارێزەرێک کە ماوەی ١١ ساڵە لە بواری وەبەرهێنان کاردەکات پێیوایە یاسایی پێدانی زەوی بەم شێوەیەی کە هەیە یەکێکەلە هۆکارە سەرەکیەکانی نەهاتنە پێشەوەی وەبەرهێنەران بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری.

هۆشمەند عوسمان، وتیشی: "قازانجی پرۆژەی گەشتیاری درەنگ دەستی وەبەرهێن دەکەوێتەوە، زەویەکە ئەگەر بە شێوەی وەبەرهێنان نەبێت وەبەرهێن بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەگەر هەیە پێش دەستکەوتنی قازانجی تەواو، پرۆژەکەی لێوەربگیرێتەوە".

سەرۆکی شارەوانی کەلاریش دەڵێت: بە پێی ئەو یاساییەی کە پرۆژە دەرێت بە وەبەرهێن رەچاوی ئەوە کراوە کە سودی هەبێت بۆیان، بەڵام دواتر کە دەچێتە موزایەدەوە ئێمە لەسەر ئەو بنەماییە دەیدەینە وەبەرهێنەر کە قازانجی زیاتر بۆ شارەوانی بێت.

وتیشی:"هەر لەسەر ئەو بنەمایش ئێمە توانیمان چەند پرۆژەیەکی گرنگ بۆ شارەکە ئەنجام بدەین".

لەبارەی ئەو پرۆژانەشی کە داهاتێکی زۆری دەوێت وتی: "بۆ ئەو پرۆژانە وەبەرهێنەران دەتوانن لە بەرێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان داوای زەوی بکەن ئەوکات راستەوخۆ زەویەکەیان پێدەرێت".

## 18. ڕێگاکانی بوژانەوەی کەرتی گەشتوگوزار: هەموارکردنەوەی یاسا

بە بەردەوامی پێشنیاری ئەوە دەکرێت کە ئیدارەی ناوچەکە بە مەرج پرۆژە بەو وەبەرهێنەرانە بدات کە پرۆژەی گەورەیان هەیە، بەتایبەت پرۆژەکانی نیشتەجێبون کە لە ئێستادا چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبون لە گەرمیان لە بواری جێبەجێکردندان.

لەبەرامبەر ئەم پێشنیارەدا سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: "بە پێی یاسا ناتوانین هیچ مەرجێک بەسەر ئەو وەبەرهێنەرو کۆمپانیایانەدا بسەپێنین لەبەر ئەوەی ئەمە پرۆژەی کەرتی تایبەتە."

بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیانیش بە هەمان شێوە رایگەیاند: "ناتوانین هیچ شتێکی لەو شێوەیە بکەین".

بۆ ئەمەش هۆشمەند عوسمان، پارێزەر دەڵێت: "ئێستا وەبەرهێنەران زەوییە نایابەکانی کەلاریان پێدەدرێت لەبەر ئەمە چەند پرۆژەیەک ئەنجام دەدەن، هەربۆیە لەبری ئەو پرۆژانە دەتوانرێت لەگەڵ گەشتوگوزار پەیوەندی دروستبکرێت و پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدەن ئەوکات دەرگا بەڕوی پرۆژەی دیکەشدا دەکرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر ویستی ئیدارەی ناوچەکە هەبوایە بێگومان هەر کارێکی دەکرد بۆ بەرەوپێشچونی کەرتی گەشتوگوزار.

لەمبارەیەوە سەرۆکی شارەوانی کەلار هێمای بەوەکرد ئەو کارە لە دەسەڵاتی ئەواندا نیە وەبەرهێنانی گەرمیان دەتوانێت وەها کارێک بکات.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

1. لە دەرەنجامدا بەوەدەگەین کەرتی گەشتوگوزار لە گەرمیاندا کەرتێکی زۆر لاوازە، چونکە پرۆژەکانی ئەم بوارە زۆر سنوردارن و رۆڵێکی ئەوتۆ لەسەر ناوچەکە لە ئاستی ئابوریی و دارایی دا ناگێڕن.

2. لەگەرمیاندا زۆرتر لە پرۆژەکانی گەشتیاریی پشت بە حکومەت بەستراوە لەگەڵ هەندێک هەوڵی کەرتی تایبەت، بۆ ئەمەش دەبێت حکومەت پێداچونەوە بکات و هەوڵی هێنانی کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە بدات، ئەویش لەرێگەی نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی لە راپۆرتەکەدا خرانەڕو، بەشێوەیەک ئەو رێوشوێنانە وایان لێبکرێت هانی وەبەرهێنەران بدەن بۆ ئەوەی لەم بوارەدا وەبەرهێنان بکەن.

3. هەندێک لە رێوشوێنەکان یاسایین، بەو مانایەی بە یاسا وەها دیارییکراون، بۆ گۆڕینیشیان پێویست بە هەموارکردنەوەی یاساکان دەکات، دەکرێت وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ پارلەمان و پارلەمانتاران دابنیشن و لەم رووەوە هەمواری پێویست بۆ یاساکان بکرێت.

4. وەبەرهێنەرانماندوی رۆتین و رێگرین، بەشێوەیەک کەم کار هەیە بە بێ رێگری و رۆتین تەواو بێت بۆیان، پێویستە پێداچونەوەیەک لەمبارەیەوە بکرێت، ئەگەرچی بەشێکی رۆتینەکان پەیوەندی بە خودی سیستەمی کارگێڕیی هەرێم و عێراقەوە هەیە کە زۆر سەرەتایی و کۆنە، بەڵام بەشێکی تر بەتایبەت ئەوانەی رێگرین، بەهۆی مەزاجی شەخسی بەرێوبەر و فەرمانبەرەکانەوە دروست دەبن، کە ئەمەش نایاساییە و خراپیشە بۆ ئەو کەرتە.

5. وەبەرهێنەران هەست بەوە ناکەن پاڵپشتی ئەوتۆ هەبێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاردا بکەن، لەبەرامبەریشدا حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەهاویشتوە بۆ رەواندنەوەی ئەو ترس و نیگەرانیانە، بۆیە پێویستە بەرێوبەرایەتیە تایبەتمەندەکان لەرێگەی بەدواداچون و کۆنفرانس و وۆرکشۆپی تایبەتەوە، ورد تر لەسەر کێشەکانی ئەم بوارە بوەستن و سەروی خۆیان ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش هەنگاوی پێویست هەڵبێنن.

6. مەرجە بۆ ئەوەی پرۆژە گەشتیارییەکان سەرکەوتو بن، پێداویستی و ئاسانکاریی گرنگیان بۆ فەراهەم بکرێت، لەنمونەی: رێگاوبان و کارەبا، ئەمەش دەبێت بەهەند وەربگیرێت و پێش دەستکردن بە هەر پرۆژەیەک ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە.

7. رێژەی ئەو گەشتیارانەی دێنە گەرمیان زۆرن، بەڵام لە روی ئابوریەوە کەڵکێکی ئەوتۆیان نابێت، چونکە بەشی زۆریان سنورەکە وەکو پردێک بۆ چون بۆ شوێنی دیکە بەکاردێنن، هەروەک لە مانەوەشیان دا کەمتر لە ئوتێل و

شوێنە گەشتیارییەکان دەمێننەوە، هەروەک شوێنە گەشتیاریە سروشتیەکانیش ئەوەندە بنەمای بەهێزیان نیە کە گەشتیاران رابکێشێت.

8. زۆر شوێنەواری گرنگ هەیە لە سنورەکەدا کە دەکرێت وەکو جێگەی گەشتیاریی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بەڵام تائێستا نە بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار و نە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و نە حکومەت بەگشتی، هیچ بەرچاو رونی و تێڕوانینێکی نیە لەمبارەیەوە و هەستمان بە بونی هیچ پلانێک نەکرد لەوبارەیەوە.

9. زۆرینەی ئەو پارەیەی حکومەت بۆ کەرتی گەشتوگوزار لە گەرمیاندا خەرجی کردوە، بۆ بینای فەرمانگە بوە، ئەمەش کارێکە هیچ پەیوەندی بە پرۆسەی گەشتیاریی و گەشتوگوزارەوە نیە، کە دەکرا بەو پارەیە پرۆژەی گەشتیاریی ئاوا بکرێت، چونکە تەرخانکردنی گوژمەی وەها گەورە بۆ ئەو پرۆژانە و لەکاتێکدا ناوچەکە پرۆژەیەکی گەشتیاریی ئەوتۆی تێدا نیە، جۆرێک دەبێت لە خراپ خەرجکردنی داهات.

10. ئەگەرچی وەبەرهێنەرێک نەبو ئەم زانیارییە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام دەنگۆ لەسەر ئەوە هەیە بە پاڵپشتی کەسانی باڵادەست پرۆژەکان وەربگیرێن، ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە لەحکومەت و داواکاری گشتی و دادگا، بەدواداچونی وردتر لەمبارەیەوە بکەن.

11. بەهۆی رۆتینات یان پەلپ گرتنەوە، چەند پرۆژەیەکی گەشتیاریی لەگەرمیان کشێندراونەتەوە، کە ئەمەش ئەگەر ئەنجام بدرانایە ناوچەکەی لەروی گەشتوگوزارەوە دەبردە ئاستێکی تر، ئەمەش بۆ کورتبینی و ئاسۆتەنگیی ژمارەیەک لە بەڕێوبەر و بەرپرسانی سنورەکە دەگەڕێتەوە، واش پێویست دەکات لەکاتی بونی پرۆژە و دەستپێشخەریی لەمشێوەیە، ئیدارەی گەرمیان وەکو باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سنورەکە، هەمو دەزگا و بەڕێوبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان رابسپێرێت بۆ راییکردنی باشتری کارەکان، بە قازانجی زیاتری پەرەدان بە ناوچەکە.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### 1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

※ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

※ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org